# ڕۆڵ و مافی ئافرەت لە نێو کولتووری دێرینی کورددا

هەیاس کاکەیی

## پێشەکی

ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، یەکەم ئافرەت کە لە ژیاندا هاوبەشی پیاو بووە حەوا لەگەڵ ئادەم بووە، کە سەرچاوەی بوونی مرۆڤایەتی بوون، ئافرەت هاوتای پیاو بەردەوامی بە ڕەوتی ژیان دەدەن، ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن، ژن نابێتە پاشکۆی پیاو تا پەراوێزیکی بۆ بڕازێنیتەوە، بەڵکوو وجوودێکی سەربەخۆی هەیە (هەورامی لا١٠)، ئافرەت بناغەی بوونی ئینسانە، کلیلی دەرگای ژیانە (زەینەب خان لا١٣٥)، ژن تایبەتمەندی خۆی هەیە، جیاوازە لەگەڵ پیاو، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت لە شارستانیەتە دێرینەکاندا هیچ کامیان لەوی تریان بە باشتر بزانرێت (القزويني لا١٤)، لە یۆناندا خواوەندی جوانی ڤینۆس لەسەر ئاکاری ئافرەتە (سەرۆ لا١٩).

ئافرەت بوونێکی سەربەخۆی هەبووە و هەیە، لە مێژوودا و لە چەند بواری جیاوازدا هەلی بۆ ڕەخساوە و ڕۆڵی بەرزی تایبەتی بینیوە، چ لە بنیادنانی بەردی بناغەی کۆمەڵگە، یان دەسەڵات و پەرەسەندنی شارستانیەت، یان لە بواری بیروباوەڕی فەلسەفە و عیرفانی ئاییندا.

ئەگەر پێداچوونەوەیەک بە شارستانیەتە دێرینەکانی کورددا بکەین، دەردەکەوێت کە ئافرەت ڕۆڵی تایبەتی خۆی لە کولتووری کورردەواریدا بینیوە، چ لە ئایینی مهر پەرستیدا (میترایی)، یان زەردەشتی و ئایینەکانی پاشتریش، کە پلەوپایەیان لە ئاستی پیاوان کەمتر

نەبووە، وەک ئەوەی میترا هەردوو ژنەکەی (ڕەتش و پارەندی) لە ڕیزی فریشتەکانی خۆی داناوە و هەر یەکەیان ئەرکی تایبەتی پێ سپاردوون، یان لە ئایینی زەردەشتیدا پلەوپایەی هەبووە، جگە لە خێزانی موغەکان بۆ دروستکردنی پژدێن و بەروانکە بۆ زەردەشتییە تازە پێگەیشتووەکان، ...تاد (عەبادانی لا١١٤).

لە بزووتنەوە ئایینییەکانی پاش لەشکرکێشی عەرەب، ئافرەتی کورد شان بە شانی پیاوان ڕۆڵی خۆی بینیوە، بۆ سەرکەوتنی ئامانجی بزووتنەوەکان و بەشدارییان لە پەرەپێدانی بیروباوەڕ، وەک فاتیمەی کچی ئەبوو موسلیم خۆراسانی، لە پاش باوکی سەرپەرشتی بزووتنەوەکەی کرد و بە ناوی خۆیەوە ناونرا (فاتمییەکان)، یان ئافرەتانی یارسان لە چەرخە جۆراوجۆرەکاندا هاوشانی پیاوان ڕۆڵی سەرەکی خۆیان بینیوە. دەستوورەکانی ئاسمانی و یاساکانی کاری کۆمەڵی ئینسانی و یاساکانی سەرزەمینیش هیچیان دانیان بە مافی ژناندا نەناوە کە لەگەڵ پیاو بەرابەر و سەر بە سەر بێ (موکریان لا٩٧)، بەڵام لەم سەردەمانەدا، هەوڵی بێسنوور بۆ یەکسانی و دابینکردنی مافی ژنان، لەلایەن یاسا مەدەنییەکان و ڕێکخراوە جۆراجۆرەکان بۆ زامن کردن و داکۆکی کردن لە مافی ژنان هەیە.

## ناوەڕۆک

کولتووری دێرینی کورد، کە بەردی بناغەی کولتووری سەردەمیانەی کوردە، کولتوورێکی دەوڵەمەندە لە مرۆڤایەتی و چاکسازی نێو کۆمەڵگەکەیدا، بۆیە بووەتە هۆی خۆشگوزەرانی ژیانی تاکی مرۆڤی کورد، لە سنووری کۆمەڵگەی کوردەواری، لە سەردەمە جیاوازەکاندا، بە دەرکەوتنی هەر پەیامبەر و پێغەمبەر و ڕابەرێک، کۆمەڵگەی کوردی گەشەی سەندووە، لە ڕێکوپێکی باری ژیان، بە داڕشتنی ڕێساو دابونەریتی تایبەت بە خۆیان، سەرەڕای ڕێوڕەسمی تایبەتی ئایینی و بیروباوەڕ کە هەندێ جار ئەو بارانە سنووری کۆمەڵگەی خۆیشی بۆ دەورووبەر و دوورتریش بڕیوە.

کولتووری کوردی لە دێرزەمانەوە بەبێ جیاوازی بایەخی داوەتە هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە، بۆیە دەرک دەکرێت ئافرەت ڕۆڵی تایبەتی خۆی لە هەموو بوارەکاندا هەبووە، لە بواری ئایینی و کۆمەڵایەتیشدا هیچ قەدەغەیەکی بە سەرەوە نەبووە، کە لە هەندێک ناوچەی مەزهەبی و سۆفیانەدا پەیڕەو دەکرێن (سەرۆ لا٨٤)، لە بواری ئایینی، بنیادنان و پارێزگاری وڵات و نیشتمان، سەرەڕای بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و ئەرکی نێو ماڵ، ئایینی میهرپەرستی (میترایی)ی دێرین، پرنسیپی ڕووناهی و پاکی و بێگەردی و ڕاستیودروستی، بە ڕێ و جێی پاراستن و پاشایەتی دنیایە، ئەرکی پاراستنی مرۆڤایەتی بووە (ئیڤانۆف لا٦١)، لە ڕووی ئایینییەوە لە ناو زاگرۆس نشینەکان، ئافرەت پێگەی ئایینی خۆی هەبووە، لە ئایینی میتراییشدا پایەی دووەمی ئەو کەسانەی دەچنە بازنەی ئایینداریيەوە پێیان دەوترێت (هامسەر = هاوسەر)، ئەناهیتاش یەکێکە لە سیمبۆلە دیارەکانی ژن لەم ئایینەدا کە شوێنەوارەکەی لە شاری کونگاوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە (هەورامی لا٤٥).

میترایی داهێنەری بیروباوەڕی ئایینی دێرین، بایەخی تایبەتی داوەتە ئافرەت لە بینینی ڕۆڵی خۆیدا و شان بە شانی پیاو بەبێ جیاوازی ئەرکی خۆی ببینێ، لە سەرپەرشتی و بەردەوامی و بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی کە لە خێزانی خۆیەوە دەستی داوەتێ، هەردوو ژنەکەی لە نێو یار و یاوەرەکانی هاودەمی خۆی داناوە، ژنی یەکەمی (ڕەتش) کرایە کچی ئاهورامەزدا، نموونەی سیفەتی ڕاستودروستی و بەری و جێی نیزامە، تا هاتووە زۆرتر لەگەڵ (ئاردڤیسورا) ئەناهیتای خواوەندی خێر و بەرەکەت یەکی گرتووە، ژنی دووەمی (پارەندی) یەکێک بووە لە نۆ ژنەکەی ئاهورامەزدا، خواوەندی موڵکایەتی

و سەروەت و سامانە، ئەم دوو ژنە هەمیشە وەک درێژبوونەوە، یان نیشانانی سروشتی میترا، وەک هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر باسیان لێ کراوە. وشەی مەجووس (موغ = پیر) لە ئایینی میترایيدا بە واتای ئازادی لە ڕوح و ئایین، وەهم و خەیاڵ لە میتافیزیکی بووە (قادری لا٦٦٤)، سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی ئایینی بوونە، بە پێی فەرمانی ئایینەکە و ڕێوڕەسمەکان، تەنیا دەتوانن یەک ژن بهێنن (کامل لا١١٦)، واتە فرەژنی بوونی نییە، ئەمەش پاراستنی مافی ئافرەتە. ئەو ئافرەتەش ئەگەر نیشانەی لێزانی و پێشگۆیی دروستی دەرنەکەوتبایە، ئەو ئەرکەی پێ نەدەدرا و لەو جێگەیانە دانەدەنرا (هەورامی لا٢٣).

مانی و ئایینی مانی، نوێکەرەوە و درێژەپێدەری ئایینی میترایيە، بە زۆری لە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە، لە وڵاتی چین لە (تسائوئان) نزیکەی (١٥ میل) لە باشووری شاری نوێی (چیو ئان چۆ) بەندەرە گەورەی سەدەی ناوڕاست، کە لەلای ڕۆژئاواییيەکان بە زەیتوون ناسراوە، ئەو پەرستگەیە تا ئێستاش کراوەتەوە، پیرەژنێک (پارسا) مجێوری ئەون و عیبادەتی تێدا دەکەن و پارێزگاری لە نەخشەی بەرجەستەی مانی دەکەن (فولتز لا٢٣١)، هەروەها بە پێی یاسا و ڕێوڕەسمی ئایینی مانی، چینی (سەماعین) دەتوانن بە شێوەی کاتی، یان هەمیشەیی هاوسەرگیری بکەن و بینە خاوەن ژن و منداڵ، بەڵام (سەدیقین) بێبەش کراون (تەقی زادە لا٥٣).

لە ئایینی زەردەشتیدا، ئافرەت پلەوپایەی بەرزی هەبوو، سەرفراز بوو، ڕووی دانەپۆشیوە، کاروباری پیاوەکەی بەڕێوە بردووە، بەناوی ئەوەوە، یان بە وەکالەت ماڵ و موڵکی هەبووە و بەڕێوەی بردووە، شان بە شانی پیاو بۆ مەیدانی کار کردن بۆ بژێوی ڕۆژانەی دادەبەزی، سەرەڕای کاروباری ماڵەوە و منداڵ بە خێوکردن (کاکەیی لا٦٧)، ژن ڕێز و پلەی تایبەتی لە ناو ئایینی بەهدینی هەیە، وەک ئەستێرەیەکی ڕووناک لەناو ئەم ئایینەدا دەدرەوشێتەوە، (سەقزی لا٥٣)، خاوەنی کەسایەتی دەستووری و ماف بوون لە دەسەڵات و خاوەندارێتی و دابونەریتە ئایینییەکان، بە چەشنێکی بەرچاو بەشدارییان دەکرد (سەقزی لا٥١).

فەرهەنگی زەردەشتی بایەخی هەرە گرنگی بە فێربوونی ژنان و پێگەیان داوە (هەورامی لا٣٢)، یەکەم شاگردی زەردەشت خۆی (پورچەسپا)ی کچی بووە، کە زانایەکی لێهاتووی لێ دەرچووە، لە پەرستگەکاندا ژن لە ڕێنمایی ڕوحی بەشدار بوون (هەورامی لا٣٣)، ژنان بەرپرسیاری ئایینی و چاودێری پەرستگە و داد و وانەگوتنەوە لە بەشەکانی جیاوازی زانستی سەردەم لە ئەستۆیان بووە (سەقزی لا٥١). زەردەشت هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەر، بە مافێکی سروشتی و سەرەتایی کچان دەژمێرێت (سەقزی لا٥٣)، بۆ ڕێزلێنان لە ژن لە (٢٤)ی مانگی شوباتی هەر ساڵێکدا، بە ڕۆژی ژنان دانراوە و کراوە بە جەژن، لەم ڕۆژەدا ژنان دیارییان لە هاوسەرەکانیان وەرگرتووە (سەقزی لا٥٩)، ئایینی زەردەشت ڕێگەی فرەژنی نەدابوو، بەڵام دەوڵەمەندەکان و پیاوە ئایینییەکان ئەو دەستوورەیان بەزاندبوو، کۆشکەکانیان پڕکردبوو لە ژن و کەنیزە و کۆیلە، جیاواز لە خەڵکی سادە (کامل لا٧٧). جیابوونەوەی ژن و مێرد (تەڵاق) لە ئایینی بەهدینیدا کارێکی ئاسان نییە (سەقزی لا٥٣)، خوڵقاندنی ژن و پیاو جیاوازی نییە، هەردووکیان لە یەک ڕیشەن (هەورامی لا٤٦).

لە یاساکانی تری ئایینی زەردەشتی، کە لەنێو کتێبی پیرۆزی زەردەشتدا بۆ خاوێنی ڕوح و گیان، زیناکردن، یان ژن بە ژن بازی، ژن هەڵگرتن، کاری شەڕانگێزییە، فرەژنی ڕێگەی

پێ نەدراوە، کیژ شوو بکات و کوڕ ژن بهێنێ، نابێت کەس بێ هاوسەرگیری بمێنێتەوە (کامل لا١١٨)، دەربارەی فریادڕەس (سوشیانت) لە ئایینی زەردەشتیدا، بڕوا وایە کە لە سێ هەزار ساڵ پاش زەردەشت، فریادڕەس کچێکی پاکیزە لە دایک دەبێت، کاتێک لە دەریاچەیەک ئاو دەخواتەوە کە توخمی زەردەشتی تێدایە، واتە زەردەشت نەمردووە، سوشیانت دوایەمین کەسە بۆ ڕزگارکردنی ئایینی زەردەشت (کامل لا١٢٢).

لەدایکبوونی زەردەشت، ڕۆڵێکی گەورە بە ئافرەت دەدات بە پێی ئەفسانەیەک کە دەڵێت: سەرەتا نوورێکی خوایی لە ئاسمانی شەشەمی خۆر و مانگ هاتە خوارەوە بۆ ئاتەشگەدە، لەوێ ئاگر کەوتەوە، پاشان چووە ڕەحمی ژنی خاوەن ئاتەشگەدەکەوە، ئەو ژنە کچێکی نوورانی بوو کە دایکی زەردەشتە (کامل لا١٠٢)، تەڵاقدان لای زەردەشتییەکان نییە، تەنیا لە باری خیانەت، یان شاردنەوەی دوژمن و لە کاتی سیحر و جادووبازی و نەزۆکی و شێت بوون، یان زوڵمکردن لە ئافرەت و لە کاتی ونبوونی پیاو لە هاوسەرەکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ و ژن لە باری دەروونی نەشیاو و ئەگەر ئافرەت لەژێر فەرمانی پیاو بێتە دەرێ (عەبادانی لا١١٢) (کامل لا١٥٧).

مارەبڕین بۆ هاوسەرگیری لە ڕێنماییەکانی زەردەشت، دەبێت کچ لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بێت و کوڕ لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بێت، بە ئامادەبوونی حەوت کەس لە باوەڕپێکراوەکانی زەردەشت کە هەریەکەیان تەمەنی لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێت (عەبادانی لا١١٠). ئەگەر پیاو هاوبەشی ژنەکەی بکات لە ماڵ و موڵکی، دەشێت ژنەکە بەکاری بهێنێت (عەبادانی لا١٠٩)، ئایینی زەردەشتی کە بە بەردەوامی و پەرەپێدەری بیروباوەڕە ئایینییەکانی پێش خۆی دەژمێردرێ، میترا و هەردوو ژنەکەی میترای هێناوەتە ڕیزی هاوەڵان و هاودەمانی خۆی، ئەمەش لەلایەکی ترەوە، نزمکردنەوەی پێگەی میترا و دوو ژنەکەیەتی، دوای دەرچوونی زەردەشتیان لە کوردستان و ئێران بەرەو هیندستان بەر لە هەزار و چوار سەد ساڵ، هێشتا شوێنەواری چەندان (پیر) ڕێنوێن هەن کە هەموویان ژن بوونە (هەورامی لا٣٣).

لەگەڵ ئەو هەموو بارانەدا چەندان جۆرە تۆمەت دراونەتە پاڵ ئەو ئایین و بیروباوەڕە دێرینانە، وەک ئەوەی دەڵێن کە ژن و ژنخوازی لە نێوان نزیکەکانی خێزانێک هەبووە، هەرچەند لە ئێرانی کۆندا ئەم جۆرە ژنخوازییە لە نێوان دەسەڵاتداراندا هەبوو، بەڵام زەردەشتییەکان ئەم تۆمەتانە ڕەت دەکەنەوە، کە ئەردەشێر بابەکانی ساسانی دەڵێت: ئەو تۆمەت و بوختانانە لە لایەن یۆنانییەکانەوە هەڵبەستراوە، کە دوژمنانی باوباپیرانی ئێمە بوون (عەبادانی لا١٠٤)، ئەم تۆمەتانە لە سەردەمی پاش ساسانییەکان، عەرەبەکان هەمان شتیان خستووەتە پاڵیان، بێجگە لەوەی کوردیان بە نەوەی جن هەژمار کردووە (فوڵتز لا١٥٥).

بزووتنەوەی مەزدەک و ئایینی مەزدەک داکۆکیکار بوو لە مافی ئافرەت و یەکسانی نێوان ژن و پیاو، دەبوو ڕێز و حورمەتی ژن بگیرێت و مافی پێ شێل نەکرێت (محەمەد عەلی لا٦٩)، ژنان مافی هەڵبژادنیان هەیە، ژن بۆ خۆی بوون و بەهایەکی سەربەخۆی هەیە کە ئەمە بە واتای ڕزگارکردنی ژنە، لە هەموو نەریت و بەها باوە ئایینییەکان و بڕیاری باوک سالارانەی عەشیرەتییە (قادری لا٥٣٨)، هەروەها مەزدەک بڕیاری داوە کەس مافی ئەوەی نییە بەهۆی سامان و هێزەوە ژنان وەک ئاژەڵ لە قەفەس و حەرەمسەرادا بەندبکات، وەک پیاوانی زەردەشت و دەوڵەمەندەکان (عەبادانی لا١٤١).

مەزدەک ڕەخنە و تانەی لە پیاوانی زەردەشت

هەیە (موغـەکان) و دەوڵەمەنـدەکان بـە دوور لـە خەڵکـە ئاساییەکە، کـە حەرەمسـەرایان پـڕ کردبـوو لـە ژن و کەنیـزە، ئـەم داکۆکییـەی مـەزدەک لەلایـەن ئـەو چینـە جێگـەی قبـووڵ کـردن نەبـوو، بۆیـە دژایەتـی مـەزدەک و ئایینەکەیـان دەکـرد و چەنـدان جـۆرە تۆمەتـی نـاڕەوا و دوور لـە ڕاستییان ڕووبـەڕوو دەکردنـەوە، وەک بەرەڵڵایـی و ئیباحییـەت و شـتی وا ناویـان دەبـرد، تـا ڕوخسـار و جەوهـەری بـارە کۆمەڵایەتییـەکان تێک بدەن (ویکیپیدیا)، مـەزدەک کـە لـە ئایینـی زەردەشـت لای داوە، ئایینێکـی تـازەی دانـاوە و تێیـدا بەرەڵڵایـی بەرپـا کـردووە و مـاڵ و موڵـک و ژنـی کـردووە بـە هاوبەشـی هەمـوو (ماردینـی لا١٤٨)، هـەروەک سـەرۆ قـادر دەڵێـت: تێڕوانیـن بـۆ مەسـەلەی ئافـرەت لـە نـاو کوردسـتاندا لـە ئایدیۆلۆجیـای مارکسـیزم زۆر نزیـک بـووە، هـەر بۆیـەش مخالیفـی کێشـەی ئافـرەت مەسـەلەیەکە زیاتـر بـە ئیلحـاد و ئیباحییـەت نـاو دەبرێـت (سـەرۆ قـادر لا٦٢).

دەربـارەی ئـەو تۆمەتانـە بوخـاری دەڵێـت: زۆر لـە مێژوونوسـان مـەزدەک بـەوە تۆمەتبـار دەکـەن گوایـە بانگەشـەی بەرەڵڵایـی سێکسـی کـردووە، واتـە هیـچ یاسـا و دابونەریتـی پێوەنـدی نەبێـت بـە ئارەزووەکانـی ژن هێنانـەوە، یـان هاوسـەرگیرییەوە و هـەر پیاوێـک و ئافرەتێـک ڕێـک بکـەون هەقیـان هەیـە بـە سـێ شـەوان پێکـەوە بـن، پاشـان دەتوانـن بمێننـەوە، یـان جیـا ببنـەوە، یـان بـرا دەتوانێـت خوشـکی خـۆی، یـان کچـی خـۆی بخـوازێ (هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو)، هەروەهـا لـەو تۆمەتـە پڕوپووچانـە لـە ڕێوڕەسـمی مەزدەکییـەکان لـە شـەوانی جەژنـدا سێکسـی بـە کۆمـەڵ دەکـەن، چـرا دەکوژێننـەوە و تێکـەڵ بەیـەک دەبـن (هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو).

ئـەم هەمـوو تۆمەتانـە بـۆ ئـەوە بـووە بەرژەوەنـدی دەوڵەمەنـدەکان و پیاوانـی ئایینـی زەردەشـت دەکەوتـە مەترسییەوە، چونکـە مـەزدەک و ئایینـی مـەزدەک ڕێـزی ئافرەتـی گرتـووە و پلەوپایـەی تایبەتـی پـێ داوە و مافی پارێـزراوە، لـە کۆیلایەتـی ڕزگاریـان دەکات، سـەرەڕای پێدانـی ڕۆڵـی تایبـەت لـە بـوارە ئایینییـەکان، هەروەهـا لـەو بـارەوە هەندێـک ئامـۆژگاری داوەتـە تاکەکانـی کۆمـەڵ، کـە دەبێـت ڕێـز لـە ئافـرەت بگیرێـت، لـە مـاف و ئـەرک لەگـەڵ پیاوانـدا یەکسـان بێـت، دوورکەوتنـەوە و پارێزگاریکردنـی لـە خەتەنـە و زیناکـردن، لەلایەکـی دیکەشـەوە پێوەندییەکانـی خێـزان بـە چاودێـری و پارێـزگاری ورد بێـت، تـا نـەوە و منداڵـی بـاش پـەروەردە ببێـت، ئـەم بیروباوەڕەی مـەزدەک دەربـارەی هاوسـەرگیری و خاوەندارییەتـی لەگـەڵ بیروبـاوەڕی ئەفلاتـوون لـە یـەک دەچـن (محەمـەد عەلـی لا٦٦)، سـەرەڕای نەیارانـی مـەزدەک، کـە دەوڵەمەنـدەکان و پیاوانـی ئایینـی زەردەشـت، کـە بیروبـاوەڕی مـەزدەک بەرژەوەندییەکانـی دەخسـتنە مەترسـییەوە، لـە هەمـان کاتـدا خەڵکـی نەفـس نـزم و هەلپەرسـت و هیچوپـووچ بـە هەلیـان زانیـوە لـە نێـو ئایینـی مەزدەکیـدا سـنگیان سـەندبێت و دەسـەڵاتیان پەیـدا کـردووە و کەوتوونەتـە خراپـەکاری و تاڵانکردنـی مـاڵ و موڵکـی دەوڵەمەنـدەکان و پیـاوە ئایینییەکانـی زەردەشـت و دەسـتدرێژی سـەر ئافرەتـان (تەبـەری لا٨٨).

پـاش لەشکرکێشـی عـەرەب بـۆ سـەر ناوچەکـە و شکسـتی دەسـەڵاتی ساسـانییەکان و لـە سـەردەمی ئەمەوییـەکان و دەسـەڵاتدارانیان کـە بارێکـی ناهەمواریـان لـە ناوچەکـە دروسـت کردبـوو، سـەرەڕای سـەپاندنی بیروبـاوەڕی نوێیـان، چەنـدان جـۆرە بزووتنـەوە و شـۆڕش سـەریان هەڵـدەدا، کـە زوو بـە زوو سـەرکوت دەکـران، پاشـانیش لـە سـەردەمی خەلافەتـی عەباسـیدا هـەر بـەردەوام بـوو، یـەک لـەو بزووتنەوانـەی دژ بـە خەلافـەت بـوو، بزووتنـەوەی ئەبـوو موسـلیمی خۆراسـانی بـوو، کـە ڕۆڵێکـی تایبەتـی لـە گۆڕینـی دەسـەڵات لـە خەلافەتـی ئەمەوییـەوە بـۆ خەلافەتـی عەباسـی هەبـوو، ناوچەکانـی ئێـران لـە ژێـر دەسـتی ئەبـوو

موسلیم مانەوە و تا دەهات هێز و جەماوەری زیاتر دەبوو، بێجگە لە پێوەندی لەگەڵ عەلەوییەکانی مەروو (قادری لا١٦٥)، عەباسییەکان لە ناویان برد، پاش خۆی بزووتنەوەکەی بەسەرکردایەتی کچەکەی بە ناوی (فاتیمە) بەردەوامی هەبوو، هەر بزووتنەوەکەش ناوبانگی بە فاتمییەکان دەرکرد (قادری لا١٦٦)، واتە ئەمەیان ڕۆڵ و توانایی ئافرەت دەردەبڕێ، نەک لە سەرکردایەتی بزووتنەوە و شۆڕش، بەڵکوو لە بەڕێوەبردنیش لەو سەردەمەدا دەوری هەبووە.

بزووتنەوەی خورەمدینەکان کە بە سەرپەرشتی بابک خورەمدین بوو، ڕای وا هەیە بابەک خورەمدین کوڕی فاتیمەی کچی ئەبوو موسلیم بووە (موورادی لا٢٤)، واتە بەردەوامی بزووتنەوەکەی دایکی فاتیمە و باپیری ئەبوو موسلیمی کردووە و کاریگەری لەسەری هەبووە.

بێجگە لەمانە، لە ناو زاگرۆس نشینەکان و ئارياییەکاندا چەندان ژنی بە ناو و پێگە هەن وەک لە بەرگی ١١ی کتێبی (فرزانگان ئیران)دا ئاماژەی پێ کراوە، لەوانەش یوتاب، ئاتوسا، ئەرتاداخت، ئازەر میدیخت، پەرین، پوران دوخت، کە هەریەکەیان ڕۆڵی تایبەتی خۆی لە بوارە جیاوازەکاندا لە مێژووی دێرین هەبووە (هەورامی لا٤٧)، پاش داگیرکاری و لەشکرکێشی عەرەب بۆ سەر خاکی کوردستان، کورد کەوتە ژێر بارێکی ناهەموارەوە، چەندان بزووتنەوە و شۆڕش دژ بە خەلافەت سەریان هەڵدا بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم زۆر و نوێکردنەوەی کولتووری دێرین، کە جێگەی قبووڵکردن نەبوو، زوو بە زوو بە زەبروزەنگ دادەمرکان، پاش بێدەنگیی دوو سەدە، بیرمەندانی کورد لە بواری سۆفیگەری ئیسلامیدا بزووتنەوەی زیندووکردنەوەی کولتووری دێرینیان دەست پێکرد، کە لەو سەردەمەدا باو بوو، چەرخێکی نوێی هێمنانەی بەدیهێنانی ئارەزووەکانی ناخی خۆیان بوو بۆ گەیشتن بە ئامەنجەکانیان.

ئەو بیرمەندانە کە سەرکردایەتی ئەو جۆرە بزووتنەوانەیان دەکرد، کەسانی لایەنگر و هەوادار و هاوەڵانیان لەگەڵ بوو، لە نێویشیاندا ئافرەتی لێهاتوو و ئازاد هەبوون، ئافرەتی کورد لە دێرزەمانەوە ئازادانە لە نێو خێزان و کۆمەڵگەدا لە بواری ڕۆشنبیری و ئەرکی ماڵ و بوارەکانی تردا هەڵسوکەوتی کردووە، سەرەڕای بواری ئایینی کە ڕۆڵ و ئەرکی تایبەتی بینیوە.

یارسان و کۆمەڵگەی یارسانیان لە کوردستاندا، یەکێک بوون لەو بزووتنەوە هێمنانەی ئەو سەردەمە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچی و لە سەردەمی خەلافەتی عەباسی کە بە ئەرک و توانایی بێ هاوتای (بالوولی دانا) سەری هەڵداوە، (بالوولە شێت)، چەندان سەرکردەی دیکەیش پاش بالوول درێژەپێدەر و پەرەپێدەری ڕەوتەکە بوونە، تا دەگاتە سەردەمی سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی لە سەدەی حەوتی کۆچیدا، پاش ئەویش چەندانی دیکە دەرکەوتن و ڕۆڵی تایبەتیان هەبووە، لە هەر سەردەمێکدا لەگەڵ ئەو سەرکردە ئایینیانەدا ئافرەت ڕۆڵی خۆی بینیوە، وەک ڕابەر و ڕێنماییکەری ئایینی لە نێو کۆمەڵگەوە، لەنێو بازنەی ئایینیدا، کە شان بە شانی پیاوان جێی ئەرک و دەستیان دیاربوو.

بزووتنەوەکان یەک لە دوای یەک، یەکسانی مافی ئافرەت و پیاو، نەبوونی جیاوازی لە نێوان ئەرک و مافەکانیاندا دەستەبەر کراوە، بە تایبەت لە سەردەمی سان سەهاک کە دەستووری ئایینی داڕشتبوو، کە سەربەستییەکی جوانی بۆ ئافرەتی گرووپی ڕێباز و ئایینەکە دابین کردووە (کاکەیی لا٣٠٤).

لە مەراسیمی ئایینیدا کۆبوونەوە و تێکەڵاوبوونی ئافرەت لەو کۆڕ و مەراسیمی ئایینییەدا، داننانە بە مافی ئافرەتی کورد و یارسان، بۆیە لەلایەن نەیارانەوە کراوەتە چەکێک بۆ بەرپاکردنی

پڕوپاگەندە لە دژیان و تاوانبارکردنیان بەوەی ئیباحییەت و ئافرەت هی هەموویانە (هەمان سەرچاوە ل٣٠٥).

ئەو ئافرەتانەی یارسان کە لە چەرخە جیاوازەکانی بزووتنەوە یارسانییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، ئەرک و ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە ڕێنماییکردن و سەرپەرشتیکردنی ئایینی و پێگەیاندنی ئافرەتانی یارسانیان لە پێگە ئایینییەکاندا، سەرەڕای خوێندن و شارەزایی لە مۆسیقا، کە تەمووره بە ئامرازێکی پیرۆزی مەراسیمەکان دەژمێررێت، کۆمەڵێک شیعر و هۆنراوەیان هەیە کە بریتیین لە سرووودی ئایینی کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئایینییەکاندا بە ئاوازی تەمووره دەخوێنرێتەوە، وشە نووسراوەکان تام و بۆنی ڕەسەنایەتی گۆرانییان پاراستووە، هەندێک جاریش لە ژێر کاریگەری زارەکانی لەکی و لوڕی و هەورامانی و کرمانجی خوارووودان (کاکەیی ل٣١٢).

میوزیکی کوردی بە گشتی و یارسانی بە تایبەت، بەو ئاوازەی تەرز و حەماسی و عیرفانی کە هەیەتی لە کولتووری میللەتانی تر جیادەکاتەوە، هەرچەندە لێکچوونیش لە ئارادا هەبێت (هەمان سەرچاوە).

شا خوشین لە بزووتنەوەکەیدا لە سەدەی چوارەمی کۆچی، گرنگییەکی زۆری بە ئاواز و ئامێرەکانی موزیکی هەقپەرستی حەققانی داوە (هەمان سەرچاوە).

لەو ئافرەتانەی لە بزووتنەوەکاندا لە چەرخە جیاوازەکانی یارسانیاندا دەرکەوتوون کە ڕۆڵ و ئەرکی بێ هاوتایان لە بوارە ئایینییەکاندا هەبووە ئەمانەن:

دایە تەوریزی هەورامی (٤ک)، جەلالە خانمی لوڕستانی (٥ک)، ڕەیحانە خانمی لوڕستانی (٥ک)، فاتمە لەرەی گۆران (٥ک)، لیزا خانمی جاف (٥ک)، خاتوون مەی زەر (٥ک)، دایە خەزانی سەرکەتی (٥ک)، خاتوو دایەراک (٨ک)، حەبیبە شارەزووری (٨ک)، پیر نازدار خاتوون شیرازی (٨ک)، نێرگس خانمی شارەزووری ٨ک)، خاتوو زربان و دەرزیانی (٩ک)، خاتوو زەینەب (٧ک)، دادە سیمە (١٢ک) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە کتێبی د. سدیق سەفی زادە، نام ئاوەران یارسان، کتێبی نامق هەورامی، تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا.

## کورتە

ئافرەت لە سەرەتای بوونی لە ژیاندا، لەگەڵ پیاواندا لە زاڵ بوون بەسەر گیروگرفتەکانی ژیاندا هاوبەش بووە، بۆ ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی لە نێو دەرکەوتنی بیر و بڕوا ئایینییەکاندا، ئافرەت بە توانایی و لێهاتوویی خۆی خزاندووەتە نێو گرووپی پیاوان بۆ ڕێنماییکردن و پەرەپێدانی ڕێوڕەسم و بڕوا ئایینییەکان هەر لە دێر زەمانەوە، هەرچەندە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لە توانایی و لێهاتووییدا لە پیاوان، لە هەموو بوارەکاندا کەمتر نییە، سەرەڕای ئالوودەیی بە خێوکردنی ماڵ و منداڵ، ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت، بەخشندە بووە، دایک بووە، سەرکردە بووە، فێرکەر و ڕێنماییکەر بووە، سۆفی و زاهید بووە، شاعیر و مۆسیقاژەن بووە، چاودێری پەرستگە و داد و وانەگوتنەوە بووە.. تاد، لە هەموو چەرخەکاندا ڕۆڵ و ئەرکی دیار بووە، لە کولتووره دێرینەکاندا مافی پارێزراو بووە، بە پێی یاسا و شەریعەتی ئەو سەردەمە، شان بە شانی پیاو لە پلە و پایەدا یەکسان بووە، لە کوردستان و نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بە دەرکەوتنی ئایینی میهرپەرستی و زەردەشتی و ئایینی مانی و مەزدەک، لە کۆتایی و پاش لەشکرکێشی عەرەب و خامۆشی ئەستێرەی ئایینە دێرینەکان، بە دەرکەوتنی بزووتنەوەکانی ئایینی یارسان.

زۆر لە ئافرەتان لە بواری سۆفیگەری و عیرفانی ئایینی گەیشتوونەتە پلەی دانایی و مەعریفەت، پلە و پایەی تایبەت لە بەهدینی

هەبــووە، وەک ئەســتێرەیەکی گــەش لــە نێــو ئایینەکــەدا درەوشــاوەتەوە، جێــی دەســتی دیــار بووە لە شیعر و سروود هۆنینەوە و مۆسیقاژەنین و فێرکردن و ڕێنماییکردن، تــا ئــەو ســەردەمەش ئاســەواری ڕۆڵ و ئەرکیــان کاریگــەری لــە نێــو کۆمەڵگــەی کوردەواریــدا هەیــە.

## دەرئەنجام

ڕۆڵ و ئەرکــی ئافــرەت لــە بــواری ســۆفیگەری و زوهــد و عیرفانــدا، لــە کولتــووری دێرینــی کوردەواریدا و لــە چەرخــە جیاوازەکاندا و کاریگەری و ئاســەواری لــەم ســەردەمەدا لــە نێــو کۆمەڵگــەی کوردەواریــدا دەرکەوتــووە.

**سەرچاوەکان:**

(١) ئیڤانوڤ، پەیڕەوانی ڕاستی ئەهلی هــەق، و. ئاســۆ کەریــم، ٢٠٠٣ز.چ١، چ. و. ڕۆشــنبیری، هەولێر.

(٢) مجدی کامل، الزرادشتیة، ٢٠١٤م، ط١، دار الکتاب العربي، دمشق، سوریا.

(٣) زەکەریــا قــادری، کــورد ناســی، و. ســەلاح بەهرامــی، ٢٠١٨ز، چ. تــاران، ســلێمانی.

(٤) عبــد اللــه مبلغــي العباداني، تاریــخ الدیانــة الزرادشــتیة، ٢٠١١م، ط١، و. عبــد الســتار قاســم کلهــر، م.خانــی، دهــوک.

(٥) ســۆران محەمــەد عەلــی، مــەزدەک و ڕۆڵــی لــە مێــژووی دەوڵەتــی ساســانیدا، ٢٠٠٩ز، چ. ســایە، ســلێمانی.

(٦) ویکپیدیا، الحوار المتمدن، ناسر العماري.

(٧) الطبري، تاریخ الطبري، ط٢، بیروت، لبنان.

(٨) نامق هەورامی، تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا، ٢٠١١ز، چ کەمال، سلێمانی.

(٩) هــەژار موکریانی، مێژووی ئەردەڵان، مەستورەی کوردستانی، ٢٠٠٢ز، چ. و. پەروەردە، هەولێر.

(١٠) ڕیچــارد س. فولتــز، ئایینەکانــی ڕێگــەی ئاوریشــم، و. کازیــوە، ٢٠١١ز، چ. ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.

(١١) ســهام القزوینــي، شــمس المــرأة لاتغیــب، ٢٠٠٤ز، ط١، بیــروت، لبنــان.

(١٢) ســەید حەســەن تەقــی زادە، مانــی و ئایینەکــەی، و. لــە فارســییەوە: ســەعید محەمــەد قەزوینــی، ٢٠٠٢ز، چ. منــارە، هەولێــر.

(١٣) فلک الدیــن کاکەیــی، ڕۆناهــی زەردەشــت، چ١، چ. ڕۆژهــەڵات، ٢٠٠٠ز، هەولێــر.

(١٤) بابان سەقزی، گاتا (سروودە پیرۆزەکانی زەردەشت)، ٢٠٠٦ز، چ. کازیوە، سلێمانی.

(١٥) نگاهــا گــوزەرا بــە تاریــخ و فەلســەفەی ئەهــل هــەق (یارســان)، گوڵمــراد مــورادی، چ١، ١٩٩٩ز، ســوید.

(١٦) عبدالرحیــم الماردینــي، موســوعة الادیــان الحیــة فــي العالــم، ٢٠٠٩ز، دارالمحبــة، دمشــق، ســوریا.

(١٧) د. سدیق سەفی زادە، دانشنامە نام ئاوران یارسان، چ، حەیدەری، ١٣٧٦ ف.

(١٨) هاشــم عاســی کاکەیــی، مێــژووی کاکەیــی (یارســان) لــە کوردســتاندا، ٢٠٢٠ز، چ چوارچــرا، چ١، ســلێمانی.

(١٩) ســەرۆ قادر، ئافرەت کێشــەیە بە درێژایی مێژوو، ٢٠٠٩ز، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر، چ١.

(٢٠) دیوانی زەینەب خان، کچە کورد، ٢٠١٨ز، چ١، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.